## 10ي خاكةلموة، ئاوسنةيةك بؤ تمأوانينمكي خسرا بةممذووي حيزبي ديموكراتي كوردستاني ئسران ... مةنسوور عةزيزي


مەنسور عەزیزی

لە هەمبەر باس لە مێژووی دوور و نزیکی گەلی کورد لە کوردستانی گەورەدا و بە تێپەڕ بوون بە شەقامی کۆمەڵەداوای ئەم گەلە بۆ گەیشتن بە مافە رەواکانی و بە هەڵسەنگاندنی هۆکار و ئەگەر و بەربەستەکانی سەر سفرەی سیاسەت و لێکدانەوەی بنج و بناوانی رووداوەکان، بۆ هیچ تاکێک لە ئێمە و تەنانەت لە رووناکبیران و لێزانان و لێکۆلەرەوانی نەتەوەکانی هاوسێشمان، ئەوە روون و ئاشکرایە کە ئەم گەلە وێرای ئەوەی پشتیوانێکی بە هێز و پێگەیەکی توند و تۆڵی نەبووە لە گەمە سیاسییەکانی رۆژهەلاتی نێوەڕاست و دووجەنگی ماڵوێرانکەری یەکەم و دووەمی جیهانیدا، توانیویەتی قورسایی خۆی نیشان بدا و لە هیچکام لە نەتەوەکاندا نەتوێتەوە و کەسایەتی کولتووری و فەرهەنگی و کۆمەلایەتی و سیاسی خۆی بپارێزێت! نەتەوەیەک کە بۆ مانەوە تەنیا و تەنیا باوەڕی بە خۆی هەبووە. نەتەوەیەک کە نەک تەنیا لە بەرەبەری رمانی دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا، بەڵکو هەروەک ئیگزنیفۆن دەنووسێت، لە 404 ساڵ پێش لە زایین لە چیاکانی کاردۆخادا، تا هەنووکە رووبەڕووی هەر جۆرە هێز و زەبرێک دەبنەوە کە دەیەوێت، بەرەو توانەوەیان ببات!

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و بەرەبەری سەدەی بیستەمدا، بزووتنەوی کوردی لە باکوور و باشووری کوردستانداو هەروەها لە رۆژهەڵات، بە شێوەیەک لە شێوەکان بەرەو ئەوەوە رۆیشت کە دۆزی ناسیونالی کورد بخاتە ئاستێکی بەرزترەوە و کورد بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان، لە گەڵ دەسەڵاتێک هاودەنگ بێت یان لایەنی دژایەتی هەڵبژێرێت، کە دەتوانین ئاماژە بدەین بە شێخ عوبەیدوڵای شەمزینی و شێخ مەحموودی نەمر و سمکۆی شکاک و شۆڕشی ئارارات و شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران. شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵا زیاتر لە سەرهەڵدانەکانی دیکەی پاش خۆی، داوای بەربڵاوتری هەبووە و هەروەک زۆر لە نووسەران و رۆشنبیر و مێژووناسانی کورد دەڵێن: بوو بەبناغەیەک بۆ پەرەوەردە بوونی ناسیونالیزمی کوردی لە ناوچەکە. بەڵام دۆڕان لە دوای دۆڕان، وای کرد کە شۆڕشەکان ببن بە قوربانی بەرژەوەندی زلهێزەکان و شەقامی کوردیش تا ئەندازەیەکی زۆر لە ژێر باری قۆناغی فئودالیدا، شۆڕشەکانی تەریک هێشتۆتەوە و لێزانان و رۆشنبیران و سیاسەتوانانی کوردیش، بە هەر هۆیەک بووە، نەیانتوانیوە لە ئاڵ و گۆڕی نامە و لە کێبەرکێ سیاسییەکانی نێو باڵیۆزخانە و پەیماننامەکاندا رۆڵی کاریگەر و بەرچاو ببینن. لانیکەم سێ بەش لە کوردستانی گەورە کە ئەودەم پاش پارچە پارچە بوونی ئاووخاکی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی، کەوتە نێو بازنەی هەل بۆ کوردان لەو بەشانەو دەیانتوانی تا رادەیەکی زۆر بە مافە سەرەتایی و تەنانەت بە مافی چارەی خۆنووسینیش بگەن، کە بەداخەوە سیڤەر لە ژێر سێبەری دەسەڵاتی بەرژەوەندیخوازی جل وبەرگی گۆڕدرا و کرا بە لۆزان و جارێکی دیکە کورد کەوتە کێشە لە گەڵ دەسەڵاتەکانی ناوچە و کوردستان زیاتر دابەش بوو .

لە کاتێکدا کە لە بەشەکانی دیکەی کوردستان شۆڕشەکانی کورد لە ژێر تەوژمێکی زۆری هێزی دەسەڵاتداراندا دەبن و مەودا بۆ کوردایەتی و پەنا بۆ باس لەسەر کێشەی کورد زۆر بە دەگمەنە، لە سەروبەندی کۆتایی پێهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی و سەرەتای قۆناغێکی نوێ لەهەمبەر مافی مرۆڤ و مافی نەتەوەکان و ئازادی بیروڕا و مافی تاکەکان و.. . لە کوردستانی ئێران کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد دادەمەزرێت کە لە رووناکبیران و لاوانی نەتەوەیی شاری مەهاباد پێکدێت و ئەم کۆمەڵەیە لە هەوڵدا

دەبێت بۆ ئەوەی داوای کورد و کێشەی کوردستان بخاتە چوارچێوەیەکی زانستییەوە و لەو هەل و مەرجەی کە پێشهاتووە و پێشدێت، بتوانێت دەسەڵاتێکی کوردی و خۆبەڕێوەبەرییەکی خۆیی لە کوردستان دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت. ئەم کۆمەڵەیە کە ناوی خۆی لە کۆمەڵەی ژک ەوە دەگۆڕێت بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژووی کورددا هەڵدەداتەوە و لە گەڵ کێشەو ئەرکی نوێ و زۆر قورسدا بەرەروو دەبێت. ئەرکی ئەو حیزبە دەبێت کە لە هەڵس و کەوت کردن لە گەڵ یەکێتی سۆفیەت و ئازەربایجانییەکان و تەنانەت لە گەڵ نەتەوەپەرەستەکانی ئازەربایجانی یەکێتی سۆفیەتیشدا بەرەورووو بێتەوە و بتوانێت لەو هەل ومەرجە زۆر ناسکەدا دەسکەوت و داواکانی گەلی کورد نەدۆڕێنێت. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، یەکەم پارتی کوردییە کە لە ماوەیەکی کورتی پاش دامەزرانی، لە دەرفەت کەڵک وەردەگرێت و لە رووبەرێکی کەمی خاکی کوردستاندا بە پێچەوانەی ئەوەی کە ئازەربایجانییەکان داوایان دەکرد، نەچێتە ژێر رکێفی ئەوان و کۆماری کوردستان بە هاودەنگی و لە سەر ویستی خەڵک، دامەزرێنێت. بۆ یەکەم جار بە شێوەیەکی زانستیانە، کورد دەبێ بە خاوەنی ئیدارە و ئورگانە سنفییەکانی وەک یەکێتی ژنان و یەکێتی لاوان و رۆلی سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردی لە پێش چاو دەگیردرێن. پلان و دامەزرا و باری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسی دەسەڵاتدارەتی کۆمار لە ئاستێکی زۆر بەرزدا دەبێت و دەتوانین بڵێین یەکەمین کۆماری دێموکراتیکە کە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پاش جەنگی جیهانی دووەم پێکدێت. لە سەر کێشەی سیاسی، تاکە کەسێکیش نە گیراوە و نە کوژراوە. گۆڤار ورۆژنامە نووسراون و دادوەری و هەڵس و کەوتی کۆمەڵایەتی لە پلەیەکی زۆر بەرزدا دەبێت و تەباییەکی زۆر لە ناوچەکەدا بە دی دەکرێت. حاشا لەوە ناکرێت کە کۆماری کوردستان گەر لە نێو نەبرایە، دەیتوانی دەستکەوتی زۆر گەورەتر و پلانی باشتری بۆ باشتر بوونی بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی خەڵک هەبا و دەیتوانی ببێت بە ناسنامەیەکی گەورەی نەتەوەیی بۆ کورد لە چوارپارچەی کوردستان .

لە گەڵ دامەزرانی حیزبی دێموکراتدا، ئەم حیزبە هەوڵی داوە کە بەشێوەیەکی زانستیانە باس لە کێشەی کۆمەڵگای کوردەواری بکات و داوا سیاسییەکانی خەڵکی کورد لە ئاستی بەرزدا بهێنێتە گۆڕێ. قۆناغی پێکهاتنی حیزبی دێموکرات قۆناغێکی هەستیار و ناسک بووە لە مێژووی گەلی کوردا. پشتیوانییەکی ئاوا گرنگ و بەرچاوی لە لایەن، لایەن یان وڵاتێکەوە کە ستراتیژی بۆ داڕێژراوبێت، نەبووە و کێشەی بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی سەرکەوتوو لە جەنگی دووەمی جیهانی، لە پێشچاوی ئەو زلهێزانە بووە و مەقەستی وڵاتانی سەرکەوتوو، هەروەک جەنگی جیهانی یەکەم، بە دوای دەسخستنی نەوت و کانزاکانی وڵاتانی دیکەوە بووە. لەو پێناوەشدا مانەوەی رژێمیکی دیکتاتۆری و زاڵیان پێباشتر بووە لەوەی کە کێشەی کورد چارەسەر بکرێت و کورد بتوانێ دەسکەوتەکانی خۆی بپارێزێت .

باسێکی دیکەش کە تا ئەندازەیەک خەباتی حیزبی دێموکرات لە شۆڕش و خەباتەکانی دیکەی کوردستان جیا دەکاتەوە لەو سەردەمە، ئەوەیە کە ئەم حیزبە هەر لە سەرەتاوە لە نیو خەڵک و بە بنەمایەکی کۆمەڵییەوە و لە رەوتێکی جەماوەری و پێگرتووی شاریدا پێکدێت. هەر ئەوەشە کە لە یەکەم ساتەکانی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا کاروباری کولتووری و نووسین و رۆشنبیری و هەوڵدان بۆ باس لە سەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان پەرەی پێدەدرێت و لە لایەکی دیشەوە نووسەران و دادپەروەران و هەڵبەستوانان و ژنراڵانی پارچەکانی دیکەی کوردستان، روویان کردۆتە ئەو بەشە لە کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و دەسەڵاتدارانی کۆماری کوردستان و خەڵکی کوردیش لە کوردستانی ئێران باوەشیان ئاوەڵا کردووە بۆ هەر تیکۆشەرێکی کورد کە ئامادەیی بۆ خزمەت کردن بە کوردستان دەربڕیوە و رووی لە کوردستانی ئێران کردووە .

گەر بێت و ئەوڕۆییانە لە باسەکە بڕوانین، دەتوانین پێکهاتنی کۆماری کوردستان وهەنگاوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە یەکەم هەنگاوی زانستیانە و سەردەمیانە لەو سەردەمەدا، دابنێین بۆ ناساندنی دۆزی ناسیۆنالی کورد و بەهێز کردنی بیری ناسیۆنالی، کە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەو کۆمارەدا دەتوانێ سەرجەم ئەو خاڵە ناسیۆنالییانەی باسمان کردن، لە خۆیدا کۆیان

کاتەوە. هەرپاش دامەزرانی کۆماری کوردستان لە لایەن خەڵکی کوردەوە و بە رێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەڵبەست و لێکۆڵینەوە و نووسین و لێکدانەوەی خەڵکی بیانی لە سەر کورد، بە سەرجەم خاکی کوردستاندا بڵاودەبێتەوە و دەنگۆی سەرکەوتنەکانی ئەو دەسەڵاتە ساوایە دەبێتە قیبلەیەک بۆ دەربڕینەکانی خەڵکی کورد لە بەشەکانی دیکەدا .

وەک باسمان کرد سەرکەوتنەکانی کۆماری کوردستان و ژیری رێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران، بە تایبەت شەهیدی پێشەوا، قازی موحەممەد، توانی بە شێوەیەک لە شێوەکان کێشەی کورد بباتە ئاستێکی نێودەوڵەتی. راستە کە دۆڕانی بەدواوە بوو بۆ کورد، بەڵام کە رووخا، کۆمارێک رووخا، وەزارەت لە نێوچوون، سیستم و بەڕێوەبەری و دام ودەستگای حکومی دەستیان بەسەردا گیرا. کەواتە لێرەدایە کە کەین و بەینەکانی رژێمی پاشایەتی و زلهێزانی ئەودەم -هەرچەند نهێنییانە کۆتاییان بە هەموو شتێک هێنا- نەیانتوانی ئەوە ریشەکێش بکەن کە لەو هەرێمەدا، دەسەڵاتێکی خۆبەڕێوەبەری هەبووە و خاوەن ئاڵا و هێزی بەرگری و یاسا و ریسای خۆی بووە .

لە دادگایی کردنی پێشەوادا، بیری پاوانخوازی فارسی و رق و ژەهری ناڕاستی دەسەڵاتدارانی تاران بە شێوەیەک بە سەر پێشەوا و سەیفی قازی و سەدری قازیدا دەڕێژرێت کە بە دوورە لە سەرجەم یاسا و ریساکانی مافەکانی مرۆڤ. بەڵام لە لایەکی دیکەوە دەبینین کە داوای رەوای گەلی کورد لە لایەن پێشەوا قازی موحەممەدەوە زۆر بە راشکاوی باسی لێوەدەکرێت و ئەوەی کە دادستان و هاوڕێیانی تاقەتی بیستنیان قەت نەبووە، لەو بە ناو دادگایکردنە، لە زاری پێشەوا و یارانییەوە، دەیبیسن، وەک ئەوەی کورد مافی خۆیەتی بە داوا رەواکانی خۆی بگات و مافی بڕیاردانی هەبێت وخاوەن ئاڵا و بنەمای یاسایی تایبەت بە خۆی بێت. شتێکی دیکەش کە پێشەوا، لە سەر شۆڕشگێڕ، مەلا موستەفا بارزانی باسی دەکات لە وەڵامی پرسیاری ئەوانەوە لە مەڕ ئەوەی کە بارزانی بێگانەیە و بۆ لە نێو خۆتاندا پۆستتان پێداوە، ئەوەیە کە دەفەرموێت: مەلا موستەفا بێگانە نییە و کوردێکە و کوردستانیش ماڵی هەموو کوردانە و زۆر بە شانازیشەوە باس لەوە دەکات کە ئاڵای کوردستانی بە ئەمانەت بە ئەو سپاردووە بەو هیوایەی کە رۆژێک لە رۆژان لە سەر شوینە بەرزەکانی کوردستان و سەربان و سەر ئەو بەناو دادگایە کە ئەوی تێدا دادگایی دەکرێت، بشەکێتەوە. لێرەشدا زۆر بە روونی بۆمان دەردەکەوێت کە رێبەرایتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە سەرەرای ئەوەی باوەڕی هەبێت بەو راستییە تاڵەی هەبوونی سنوور لە نێوان بەشەکانی کوردستاندا، لە هەوڵیشدا بێت بۆ بەهێز کردنی دۆزی ناسیۆنالی و خزمەت کردن بە کێشەی کورد، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا .

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەروەک چۆن لە سەرەتای دامەزراندنیەوە توانی دەسکەوتی گەورە بۆ کورد وەدەست بێنێت، لە کاتی رووخانی کۆمار و دادگایی کردنی رێبەرانیشیدا، توانی گەورەیی و شانازی و سەروەری گەورەتر بۆ کورد دەستەبەر بکا. پاش رووخانی کۆماری کوردستان، رێکخستنەکانی ئەو حیزبە دەکەونە ژێر چاوەدێری ساواک و کون و قوژبنی کوردستان و ئێرانیان بە دوادا دەگەڕێن و زۆریان شەهید دەکەن و زۆریشیان دەستبەسەر و پەڕەوازەی هەندەران دەبن و جارێکی دیکە کێشەی کورد لە کوردستانی ئیرانیش دەکەوێتە قۆناغێکی سەخت و دژوارەوە. بەڵام ئایا بە رووخانی کۆماری کوردستان ئەم پارتە، واز لە تیکۆشان دێنێت؟ ئایا ئەندامانی چالاک و لێهاتووی ئەم حیزبە واز لەوە دێنن کە جارێکی دیکە رێکخستنەکانی خۆیان پیکەوە گرێ بدەنەوە و لە دەوری یەکدی کۆیان بکەنەوە؟ ئایا خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران چیدی بیر لە شۆڕش و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەوڵدان بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانیان ناکەنەوە؟ وەڵامی ئەو پرسیارانە بۆ ئێمە کە ئەوڕۆ باس لە مێژوویەکی دوورودرێژی 58 ساڵە دەکەینەوە، زۆر روون و ئاشکرایە!

ئێستا کە بە مێژووی گەلەکەماندا دەچینەوە، رۆڵ و جێگای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دیاروبەرچاوە و تا هەنووکەش وەک حیزبێکی شۆڕشگێڕ و پڕ بە پێستی ووشەی دێموکراسی، بنەما سەرەکییەکانی پاراستنی دێموکراسی دەپارێزێ و وەک هێزێکی پێواژوودیار بەردەوام لە هەوڵدا بووە بۆ

ئەوەی کێشەی کورد بکات بە کێشەیەکی نێودەوڵەتی و لە ڕێ و ڕێبازی دیبلوماسییەوە، گرێپووچکەکانی کێشەی کورد بکاتەوە و لەو پێناوەشدا، گەر لە مێژووی پاش10 خاکەلێوەی 1326 ی هەتاوی حیزبی دێموکرات بڕوانین، چەند ڕێبەری هەڵکەوتووی، پێشکەشی ڕێی ڕزگاری گەلەکەمان کردووە، وەک شەهیدان دوکتۆر قاسملوو و شەرەفکەندی و دەیان کادری ڕێبەری دیکە و هەزاران پێشمەرگەی باوەڕدار بە ڕێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران .

مەنسوور عەزیزی
02. 04. 2005 ی زایینی